# نامەیە بۆگشت ماڵپەڕەکان

**تەها ئەمین هەصەدنی**

وا بۆ ٦ ساڵێ دەچێ چەند کەسێکی دڵسۆز هەستاون بە دروستکردنی ماڵپەڕی کوردی گشتی و تاکە کەسیی، کارێکی جوانە توانیویانە گەلی کورد لەم بەرهەمە زانستییە بێ بەش نەبێ، بێ بەرانبەر شایانی دەست خۆشین.

چونکە وەک ئەڵێن :گلۆبالیزم جیهانی کردۆتە گوندێ، لەوپەڕی جیهانەوە بۆ ئەمپەڕی جیهان بۆ ئەنتەرنێت چرکەیە نەک خولەک.

ئەوەش کارئاسایی دەکا بۆ گەیشتنی هەواڵ بە هەموو شێوەکانیەوە.

هەروەها ئەنتەرنێت مرۆڤەکانیشی کردووە بە دوو بەشەوە، ڕەنگە زیاتریش وەک دیکتاتۆر و دیموکرات دز و دەستپاک. بەکورتی ئەوەی کە بەساڵان ئاشکرا نەدەبوو، ئەمڕۆ لە چاوتروکانێکدا ئاشکرا دەبێ!

ئەوێرم بڵێم زیاتر لە چەند ساڵێک خولیایی بە دەست خستنی کۆپیەکی ئۆرگیناڵی قورئان بووم، بەلام سەرکەوتوو نەبووم، کەچی بەهۆی ئەنتەرنێتەوە دەستم کەوت.

بەلام ئەفسوس ئێمە لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی ئەنتەرنێتدا نین، هەرچەند تەکنیکەکەش هەیە.

سیستێمی (PDF) پێ دی ئێف سیستەمە سەرەتاییەکانی ئینتەرنێتە و ئەمڕۆ پێویست ناکات لەسەر هەمان سیستێم بڕۆین.

زووتر کاتێ هێشتا فۆنتی کوردی دروست نەکرابوو، ناچار بووین کە (پێ دی ئێف) بەکاربهێنین، بەلام ئێستا بەهەوڵی دڵسۆزانی گەلەکەمان فۆنتی کوردیمان دروستکردووە، ئیتر بۆچی واز لە پێ دی ئێف نەهێنین!

١-بەکارهێنانی فۆنتی کوردی پێشکەوتووترە.

٢-ئاسانتر.

٣-سووکترە.

٤-گوێزانەوە و پاشەکەوتکردنیشی ئاسانترە.

٥-بۆ ناسینەوەیان لەناو ئەرشیڤیشدا کەم دەرامەتریشە.

بەلام (پێ دی ئێف) جگە لەوەی دژی ئەوانەی سەرەوەیە سەرجەم کێشەی تریشی زۆرە، هەر بۆنمونە باوەڕ دەکەم تووشی هەموومان هاتووە، چوارشەممان سبەینان زوو کە هەڵدەکوتینە سەر کۆمپیتەر

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

بۆ كردنەوەی (هاوڵاتی) زۆربەی جاران كۆمپیوتەر ئەڵێ: كە ئەم بەرنامەیە بە سیستەمی (پێ دی ئێف) دروست نەكراوە.

خۆ ئەگەر بە فۆنتی كوردی دروستكرابێ، ئەوا پێویست بە هیچ ناكات.

ئێستا، بەكورتی دەتوانرێ سەرجەم ڕۆژنامەكان جا چ (كوردستانی نوێ) ، (خەبات) یا (ڕێگای ڕزگاری) یاخود سەرجەم ماڵپەڕەكانی تر وەک كوردستانێوست بە فۆنت دروست بكرێ، تا لەگەڵ پێشكەوتنی ئەنتەرنێدا بە جێ نەمێنیین.

خۆ ئەگەر ئەو كارە ئەنجام بدەن ئەوا بۆ هەمووومان كار ئاساییە.

تێبینی كوردستان نێت:

پێشەكی زۆر سوپاسی كاك تەهادەكەین بۆ لێدوان لەو بابەتە:

بەكارهێنانی فۆنتی كوردی بۆ دروستكردنی ماڵپەڕی كوردی كارێكی باشە، بۆ دروستكەری ماڵپەرەكەش كەمتر كێشە و كاری دەوێت. بەڵام بۆ خوێنەری ماڵپەڕەكە، كێشە زیا دەبێت. دیارە كاك تەها هەموو سەیركەرانی ئینتەرنێت لە چاو خۆیەوە تەماشا دەكات ، كە لەماڵەوە ئینتەر نێتی هەیە و كۆمپیوتەرەكە هی خۆیەتی و فۆنتە كوردیە كانی هەموو ئینستاڵ كردۆتە ناو سیستەمی ویندۆزەكەی و بەبێ كێشە لاپەرە كوردیەكان دەخوێنێتەوە.

- بە گوێرەی زانیاری ئێمە ئەو كوردانەی لە هەموو جیهاندا ئینتەرنێت بەكار دەهێنن لە ٦٠٪ لەسەدا شەستیان زیاتر لە ڕێگای فەرمانگەكانیا یان شوێنی كارەكەیان یان ئینتەرنێتكافەكانەوە، یان كتێبخانەی گشتییەكانەوە، سەیری ئینتەر نێت دەكەن. كە لەم شوێنانەدا بەكارهێنەر بۆی نییە خۆسەری دەستكاری سیستەمی ئەو كۆمپوتەرە بكات كە بەكاری دەهێنێت. بەمەش بێبەش دەبێت لە خوێندنەوەی ئەو ماڵپەرانەی بەفۆنتی كوردی نووسراون، چونكە بۆ خوێندنەوەی ئەو ماڵپەڕانەی كەبە فۆنتی كوردی دروستكروە پێویستە فۆنتە كوردیەكان ئینستاڵ بكەیتە ناو سیستەمی ویندۆزەوە.

- ئینتەرنێت بۆ كورد شتێكی تازەیە، بەتایبەتی بۆ ئەو جیلەی كە ئەلفابێتای عەرەبی بۆ نووسینی كوردی بەكار دەهێنن، هەربۆیە هەمووكەس تواناى ئەوەی نیە بۆخی هەڵسی بەئینستالكردن و داونلۆدكردنی فۆنتی كوردی تاكو بتوانێ ماڵپەرەكوردیەكان بخوێنێتەوە.

- عەرەبەكان ئەم كێشەیەیان نییە، چونكە تواتنیویانە بەپارە والە شەریكەی مایكرۆسۆفت بكەن فۆنتە عەرەبیەكان بەستانداری لەگەڵ ویندۆزدا دابنرێت و بەكارهێنەرەكەی هیچ كێشەی بۆ دروست نەبێت. هیواداڕین دەستكا پەیوەندیدارەكانی كوردیش بتوانن لەگەڵ شەریكەی مایكرۆسۆفت دا ڕێكبكەون و فۆنتە كوردیەكان بە ستانداری لەگەڵ ویندۆز دابنرێت و بەیەكجاری لەم كێشەیە ڕزگارمان بێت.